**((محەمەد مەلا قادر: ئەو حیزبانەی کە نارازین بەرامبەر هاوپەیمانیەتی پارتی و یەکێتی ئەوانیش بەشێکن لەو پلانانەی کە دوژمن بۆ کورد دەگێرێت)) سایتی کوردستان تی ڤی**

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com

ئەمەی سەرەوە قسەی محمدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە ، ئەم دێڕە گەلێك مانا و دەلالەتی لە پشتی خۆیەوە هەڵگرتووە کە دەکرێت چەندین ڕاوبۆچونی لەسەر بدرێت و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت .

هاوپەیمانی یەکێتی و پارتی و ئەوەی کە ڕاگەیەنرا دابەزینی ئەو دوو حزبە یە بە یەك لیست لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ، لە هەمان کاتدا بۆ خۆی جگە لە یەکگرتنەکە و یەك لیستی بەلاًم قسەکان و لێدوانەکەی محمد مەلا قادر بۆنی خوێنی لێدێ نەك یەکگرتووی و یەکریزی حزبە سیاسیەکانی کوردستان .

لە لێدوانەکەی ئەم بەرێزەدا هیچ ئاماژەیەك نەکراوە بۆ ئەوەی کە حزب و لایەنە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان بتوانن هاوپەیمان و یەك لیست بن لە گەڵیاندا و بە پێچەوانەوە ڕەخنە گرتن لێی دەچێتە خانەی پلان دانان دژی کرد ، بەلاًم بە پێچەوانەوەی بەرێز سعدی ئەحمەد پیرە لە لێدوانێکدا بۆ سایتی سبەی دەڵێ **"رێگا لە هیچ حزب و لایەنێک ناگیرێت بەشداری ئەو هاوپەیمانییە بکات"**. بە پێچەوانەوە محمدی مەلا قادر دەڵێ (( **وە بۆ هیچ لایەنێکی تریش نییە بەشداری و تەداخولی تێدا بکات** )).

بزانین لێدوان و ڕەخنەکان چۆنە کە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان گرتویانە و بلاًو بۆتەوە لە سایتی سبەیدا :

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان ئیبراهیم سۆفی مەحمود ( ئەبو تارا) وتی: " ئێمە پێمان وایە ئەوە ڕەفتارێکە کە ئەوان خۆیان بە دەسەڵاتدارێکی وا دەبینن کە ئیحتیاجیان بەلایەنەکانی تری گۆڕەپانەکە نەمابێت، ئەمە لایەکێتی، بەڵام ئایا پرۆسە دیموکراتییەکە، کەدەبێت پابەندی بین و ئەو ململانێ دیموکراتییە چۆن بەرجەستە بکەین، وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت ئێمەش و ئەوانیش قسەمان لەسەری هەبێت".**

**هیوا میرزا سابیر سکرتێری مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێی وایە "هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی جەخت کردنەوە و گەشەدانە بە هاوپەیمانی رابردوویان".**

**سابیر وتیشی: "دەتوانین بڵێین ئاستی دیموکراسیبوون و بەرجەستەبوونی دیموکراسی هێشتا زۆری ماوە لەکوردستاندا، چونکە پرۆسەی دیموکراسی کاتێک گەشە دەکات کە ململانێیەکی شەریفانە لە نێوان پارت و حزبەکانی ئەو هەرێم و وڵاتەدا هەبێت، پارتی و یەکێتی کە ئەمە دەکەن هەروا دەزانین هەر بۆ گەشەدان نییە بەپرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو لەبەر چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشەی دێرینی خۆیانە کە بەو شێوەیە نەبێت بۆیان چارەسەر ناکرێت".**

**عەتا قەراغی نووسەر و ڕەخنەگر لەو بڕوایەدایە "ئەوە یەکەمین جارنییە یەکێتی و پارتی هاوپەیمانی لەوجۆرە رابگەیەنن بۆیە ئەو هاوپەیمانییە لە رووی جەوهەرییەوە شتێکی ئەوتۆ**

**ناگەیەنێت بەڵکو بە مانایەکی تر ئەوە دەگەیەنێت کە تا ئێستاش پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ نییە**

**بەهمەن حسین ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان رای وایە هۆکاری سەرەکی بڕیاردانی ئەو دوو هێزەسەرەکییەی کوردستان قبوڵنەکردنی یەکترە، ئەو وتی: " لەڕوویەکەوە ئاشکرایە ئەگەر ئەوان بەیەک لیست دانەبەزن و هاوپەیمانییەتی نەکەن یەکترییان پێقبوڵناکرێت،**

**دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی قسەکانی بەریز محمدی مەلا قادر بداتەوە بەوەی کە ئایا ئەمەی کە ئەم بەڕێزە دەڵێ تێڕوانینی کەسایەتی خۆیەتی یان ڕوانینی ئەو حزبەیە بۆ ئەو کەسایەتی و پارت و لایەنانەی کە ڕەخنەیان گرتووە ، چونکە ئەگەر ئەمە قسەی پارتێك بێت کە دەسەڵاتدارە و سەرۆکی پارتەکە سەرۆکی  هەرێمی کوردستانیشە ئەوا بە پرسیارێتیەکی گورە لە ئەستۆی دایە کە دەبێت ئەم لایەنانە لە کوردستان وەدەرنرێن چونکە دوژمنی گەلی کوردن و شەڕی براکوژی دەست پێبکەینەوە.**

**(( کەچی لەم کاتەشدا ئەو لایەنە بێ کەلک و لاوازانە )) سایتی کوردستان تی ڤی**

**کاك محمد دەبێت ئەو راستیە بڵێی ئەو لایەنانەی کە ڕەخنەیان گرتووە ئەندامی ئەنجومەنی سیاسی کوردستانن و پاشان لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەشدارن ، بۆ یە عەیبەیەکی گەورەیە کە بە نێوچەوانی حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی سیاسی کوردستانەوە لە بەر ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی دورودرێژی خەباتە و خۆی بە داکۆکیکەری مافەکانی گەلی کورد دەزانێت چۆن لەگەڵ حزب و لایەنی بێ کەڵك و لاواز دادەنیشێ و کۆدەبێتەوە و ئەنجومەنی سیاسی پێکدێنێت ، ئاخر ناکرێت تۆی دڵسۆز و کورد پەروەر و خاوەن مێژوو لەگەڵ حزبی بێ کەڵك و لاواز دانیشی و کۆبیتەوە .**

**(( بەراستی ئەو حیزبە لاوازانە دەیانەوێت لەسەر حسابی خەلکی تر بژین و بەرژەوەندی کوردیش بفەوتێنن )) سایتی کوردستان تی ڤی**

**لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات باشە ئەم حزبانە لەسەر حسابی خەڵکی تر دەژین یان پارتی دیموکراتی کوردستان ؟، ئەم حزب و لایەنانە دەیانەوێت بەرژەوەندی کورد بفەوتێنن یان ئەم جۆرە لێدوانانە یەکڕیزی حزبە سیاسیەکان تێك دەدات ، هەروەها دەبێت بزانین لاوازی ئەم حزبانە لە لایەن بەڕێزتەوە لە چی دایە ؟ لەوەی کە هێزی چەکداری ئەوتۆیان نیە بۆ شەڕ ؟ داهاتی کوردستان دەخەنە باخەڵیانەوە ؟ کۆشك و تەلار دروست دەکەن و دەیان هەزار کرێچی لە کوردستان هەیە ؟ ململانێ حزبی دەکەن لە شاری کەرکوك ؟ دەیان هەزار فەرمانبەریان دامەزراندووە و ئێستا دەریان دەکەن ؟ کوردستانیان دابەش کرد بۆ دوو پارچە و دوو حکومەتیان دروست ، بیری نەوتی شیواشۆکیان پڕ کردەوە ؟ لە شەڕی ناوخۆدا  سەدان گەنجی ئەم کوردستانەیان بە کوشتدا و ئافرەتانیان ڕەشپۆش کرد ؟ ......... ئەی لاوازی ئەم حزبانە لە چی دایە ؟ لەوەی کە یەکناگرن و بە دەنگی بەرز هاوار کەن  هەتا کەی گەندەڵی !!!!!!!!**

**(( ئەو حزبانەی کە دەڵێن نارازین لەبەردەم هاوپەیمانەتی پارتی و یەکێتی ئەوانەش بێ گومان بەشێکن لەو پلانانەی کە دوژمن بۆ کورد دەگێرێت ، دیارە ئەوان پێیان خۆشە ئێمە بەگژ یەکتردا بچینەوە وبەرژەوەندیەکانی گەلی کوردیش بفەوتێن .)) سایتی کوردستان تی ڤی**

**کاك محمدی بەرێز  ئەگەر ئەوان دژی گەلی کوردن و بەشێکن لەو پلانە بۆ دێڵن بارەگا و ڕاگەیاندنیان هەبێت ( ڕۆژنامە**

ڕادیۆ تەلەفزیۆنیان ) هەبێت ، ئەم لێدوانە بۆنی خوێنی لێدێ ، خوێنی ڕژانی خەڵکی کورد ، جارێکی دی دروست کردنەوەی شەڕی براکوژی ، بە پێچەوانەوە ئەمە پلانی تێکچونی پەیوەندی هێزە سیاسیەکانی کوردستانە و کەلێنێکی گەورە دروست دەکات ، پێم وایە ئەوەی کە بیەوێ بەرژەوەندی کورد و کوردستان و نەتەوە لە بەر چاو بگرێت لێدوانی لەو جۆرە نادات ، لە کاتی شەڕی براکوژیدا هەڵوێستی بۆ نمونە حزبی شیوعی کوردستان دیارە کە چۆن بووە . ئایا ئەم حزبانە بەم ڕەخنە گرتنە بەرپرسیارن لە یەکڕیزی و تەبای یان ئەم لێدوانە .

من ئومێد دەکەم و پێشم وایە کە ئەمە تێڕوانینی کاك محمدی مەلا قادر خۆیەتی و خۆزگەش دەخوازم کە وابێت ، دەنا ئەگەر ئەم لێدوانە ببێتە تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوا دەبێت چاوەڕێی تەبای و برایەتی و هاوهەڵوێستی گوتاری کوردی نەکەین و لێکترازانی هاوپەیمانێتی حزب و لایەنە سیاسیەکان بکەین کە بە هیچ جۆرێك لە بەرژەوەندی ئێمەی کورد نیە .

پێویستە لە پاش ئەم هەڵوێست و لێدوانە حزبە سیاسیەکانی کوردستان و ئەوانەی کە ناویان هێنراوە بە پلان دژی کورد و لەسەر حسابی بەرژەوەندی کەسانی دیکە دەژین ، بەرەیەکی سیاسی نوێ پێك بهێنن و لە هەڵبژاردنی داهاتوو بە یەك لیست دابەزن و لە ئێستاشدا پاش ساخ بوونەوەی ئەم لێدوانە ئەگەر تێڕوانینی کەسی نەبوو لە حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی سیاسی کوردستان بکشێنەوە .

پاشان ئەگەر ئەو تێڕوانینە وا بێت کە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار پێویستی بە ئەم لایەنە سیاسیانانە نەبێت و بە بێ کەڵك و لاواز ناویان بەرێت ، ئەوا ئەگەر ئەم حزبانە مەبەستیان بێت دەتوانن ئارامی کوردستان تێك بدەن و ئەگەر ئەوەندەش بێ کەڵکن چۆن وەزیر و وەزارەتیان دراوەتێ .
عەیبەیەکی گەورەش دەبێت ئەگەر لە داهاتوو ڕێگە بدرێت ئەم حزبانە لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پێك بێنن ، بەوەی کە نابێت پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حزبی بێ کەڵك و لاواز لیست پێك بێنێت کە دژی گەلی کوردن ؟؟؟؟؟؟!!!!!!

لینکی هەردوو چاوپێکەوتنەکان :-

http://www.sbeiy.com/News/NewsDetailmain.aspx?id=2063
http://kurdistantv.net/niviseke.asp?ser=40&cep=1&nnimre=20329